**ئێمە جیاین  لە حاجی کاروان, بەڵی ئەوەی غەزە جینۆسایدە**

عەلی مەحمود  محەمەد

لەم رۆژانە گفتوگۆیەکی گەرم  لە هەناوی کۆمەڵگای کوردیدا هەیە لەسەر غەزە, گوایە چەپەکان و  ئیسلامییەکان لە یەك بەرەدان بۆ غەزە, کورد بۆ ئەوان کێشە نییە .
لە کاتێك ئەم بەڕێزانە  ئەم رەخنەیە دەگرن,  کە رۆژئاوای کوردستان کەوتە مەترسیەوە سەدان چەپگەرا بگرە هەزارانیش لەسەرتاسەری جیهانەوە چوونە رۆژئاوا بۆ داکۆکی لەو ئەزموونە, زۆریشیان لە بەهەشتەکەی رۆژئاواوە رۆیشتن, لەم پێناوەدا  دەیانیان گیانی خۆیان بەخت کرد, ئەم رەخنە گرانەش  هەر لە فەیس بووکەوە درووشمیان دەدا, تا ئێستا درووشمێکی خۆیان نەکردووە بە کردار.
ئەوەی ئێستا لە غەزە دەگوزەرێت  بە هەموو پێوەرێك جینۆسایدە, غەزە قەلای نگرە سەلمانێکە  لە دەرەوەی زیندان, وڵاتێك سەرتاپا کراوە بە نگرە سەلمان, ئێمە وەك کورد کە ٤ کەیسی جینۆسایدمان هەیە لە ماوەی ٨ ساڵ لە دژمان ئەنجام درابێت, پێویستە لە هەمووان زیاتر هەست بەو جۆرە تاوانە بکەین بەرامبەر بە هەر گەل و نەتەوەو ئاینزایەك پیادە بکرێت,  هەرچەندە هێشتا رێژەی مردنەکان غەزە لە چارەکی نگرە سەلمان تێپەڕی نەکردووە, کارەساتەکانی هەڵەبجە و  نگرە سەلمان و دووبزو نزارکێ و بارزانی و فەیلی و شەنگال ترسناکتر بوون لە ئێستای غەزە وەك برسیەتییەکە, لەم لەحزەیەش  کە هەردوو لامان تاوانی غەزە بە جینۆساید دەناسێنین , کە چەپڵە بۆ تاوان لێ نادەین بە هیچ بەهانەیەك, ئێمە  لە گەڵ  حاجی کاروانەکان  لەم خاڵەشدا یەك ناگرینەوە, چونکە ئەو کۆمەکەکان بۆ یارەکانی خۆی دەنێرێت, ئارد و رۆنەکەی ئەوان بۆ ناو نەفەقەکانە, ئەگەر وانییە بۆ ئەو ١٨٠ کەسە لە برسان  گیانیان بەختکرد, بۆ هاوکاری حاجی کاروانەکان  برسییە راستەقینەکانیان نەدۆزییەوە تا نەمرن؟, هەروەها چاوی ئەوان کورتبینە تەنها هەندێك لە تاوانەکان دەبینێت.
ئێمە هەموو دۆزێك  بە پرنسیبی خۆی دەپێوین نەك بە پێوەری ئیمان و  هاوباوەڕی و هاوحیزبی, کێشەی ئەوان رێکخراوی حەماس و  هاوباوەڕەکانی خۆیانە, کێشەی ئێمە برسییەکان و جۆری چەکی بەکار  هاتوو و بەرکەوتەی خەڵکی سڤیل و ژن و منداڵ و جۆری تاوانەکەیە, هەر ئەو تەرازوەی  ئێمە کە ئەم تاوانەی پێ دەپێوین, تاوانی حەوتی ئۆکتۆبەریش بە جینۆساید دەناسێت کە حەماس ئەنجامی دا, هۆلۆکۆستیش بە جینۆساید دەناسێت, کۆمەڵکوژی ئەرمەن و ئێزیدی بە جینۆساید دەناسێت, لێرەدا چاوێلکەی حاجی کاروان ئەو تاوانانە نابینێت, ئەمەیە جیاوازییەکەمان, کێشەی ئەو خودی تاوانەکە نییە, بەڵکە جۆری ئەو مرۆڤەیە تاوانەکەی بەرامبەر دەکرێت, کێشەی ئێمەش خودی مرۆڤەکەیە کە جۆری تاوانەکەی بەرامبەر دەکرێت, سبەی حەماس سەت حەوتی ئۆکتۆبەر دووبارە بکاتەوە حاجی کاروانەکان چەپڵەی بۆ لێدەدەن.
لە کاتێکدا هیتلەر  جووەکانی جینۆساید دەکرد, لەو کاتەدا ئەمین حوسێنی موفتی قودس دەستی لەگەڵ هیتلەرو مۆسۆلۆنی تێکەڵ  کردبوو, لێرەدا ئێمە حوسێنی دەکەینە شەریکە

تاوانی هیتلەر لە جینۆساید, بەڵام داوای هەڵوێست لە حاجی کاروان بکەین بەرامبەر حوسێنی دەبێت وەڵامی چی بێت؟, ئەمە ئەسڵی جیاوازییەکەمانە.
راستە حەماس دژ بە کورد هەڵوێستی هەبووە, بەڵام نە هەموو غەزە حەماسە, هەر دوێنی دژ بە حەماس هاتنە سەر جادە, نە هەموو هێزە فەڵەستینییەکانیش ئەمە هەڵوێستیان بووە, رۆژگارێك هاوکاریکەری پلە یەکی پێشمەرگە بوون لەو کاتەی هەموو جیهان دژمان بوو, هاوکات هەڵوێست وەرگرتن لە تاوان بە پێوەری دەستەوایی دیاری ناکرێت, بەڵکە هەڵوێستێکی مرۆڤانەیە بەرامبەر بە خودی تاوان, زمانی وێنەو فلیمەکان ئاشکرای دەکەن ئەوە جینۆسایدە لە غەزە دەگوزەرێت, پێویستە نەتەنیاهۆ راگرترێت نابێت لەبەر تاوانی حەماس هەمووان سزا بدات بە مەرگ, پشتیوانی جینۆساید بەشدارییە لە تاوانەکە, با لە گەلێکی قوربانییەوە نەبینە چەپڵە لێدەری تاوانبار و پشکمان لە خوێنرژاندن و برسییکردنەکان بەر بکەوێت.

٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠